# پریشکە خوێنی مە
# بە
# دڵیھەموانیانەوە وشک ھەڵاتووە

نیگار نادر



پێشکەش بێت بەڕووحی ئەو کیژو ژنە جوانانەی
ڕۆژێ بە تفەنگی دەنگدارو تفەنگی بێدەنگ
خۆینیان دەڕیژرێ.

ھەریەکەیان بە تفەنگێک
بە پەتکێک بە چەقۆیەک کوشتوومی و
دەمکوژێ و
لاشەمم لەگڵی دەنێ و دەشارێتەوە

پۆلێک پەپوولە خۆ بەدڵمدا دەکەن و
تفەنگ سوارکردن و چەقۆ سووینی
پیاوە دەستت بەخوێنەکانم
وەبیردێتەوە

پۆلێک پەپوولە
لەسەر دڵی ماندووم ھەڵدەنیشن
ڕەنگی کیژانەم دەڕەنگێنن و
گوڵانم پێ دەردەکەنەوە

پەپوولە زەردکەڵەیەک ناوی بەنازە
لەسەر لاچاوانم باڵی دەخاو
بێ نازی وگەردەن ھەڵبڕان و
دەگڵ ڕۆکردنی خۆیم لەبۆ دەگێڕێتەوە

ئەھا دیسان
دڵم لەو گۆڕەی کەوتووەو
ھەریەکە نووکە کڵاشینکۆفێکی تێ دەوەژێنێو

شەقێکی تێ هەڵدەدا

پەپوولە نارنجیەک ناوی شەوبۆیە
شەوەکانم پڕ لەبۆنی گوڵەکانی دەکاو
بەفیشەک دابێژان و گوێچکە هەڵبڕینی خۆیم
بۆ دەلاوێنێتەوە

پەپوولە سۆرەیەکی باڵ کەسک ناوی
دوعایە
باڵە کەسکەکانی لە ڕووحی هەڵکڕوزاوم
دەخشێنێ و بەردەباران و
لەخوێنێ گەوزاندنی وەکی
لەت لەتکردنی کوردوستانێ
ڕووحم دەزورێنتەوە

پەپوولە شێنکەڵەیەک ناوی ساباتە
کیژایەتیەم شینتر لەدەریا وەڕەنگ دێنێ و
بە چەقۆ ئاژەنینی خۆیم
لەبۆ دەبێژیتەوە

پۆلێک بەپولە
لەسەر گوڵەکانی گوڵزارێ
هەڵدەنیشن و
ڕاوەدوونان و حاشالێکردنی
ژنەکانم وەبیردیننەوە

لەدووعا پتر بەردەبارانتر و لەشەوبۆیە
فیشەک رێزانتر و لەبەنازێ
گەردەن هەڵبڕاوتر
بکوژەکانم بە دونیایەدا دێن و دەچن و
دەخولێنەوە

لەساباتێ گەلەک چەقۆ ئاژەنترو
لەکەژاڵێ لوت ولێو هەڵبڕواوترو لەئامینێ
خنکێنراوترم و لە گوڵیزارێ ڕاونەراوترو
لە زارایێ سوتێنەراوترم و
بکوژەکانم ناویان لەخۆ ناوە پیاوو
شەرەفیان کۆدەکەنەوە

هەورێک پەپوولە لەسەر لاچاوانم
ئاوادەبن و
چاوو نەخشەی ئەڤ هەموو کیژانە
هەڵدەبڕدرێ و لێک هەڵدەوەشێتەوە
لێ ئەوان ئێستا
لەلەشکرێنێ نەبوونەتەوە

هەریەکەیان بەناوێک هەریەکەیان بە دەمامکێک
هەریەکەیان لەڕێگایەک لەتەمەنێک
لەشارێک لە خۆشەویستیەک دا
دەمکوژێ و کوشتوومی و
بەسەر لەشمدا تێدەپەڕێ و
لە لەشکرێنی خۆی دەگەڕێ و دەخەفتێتەوە

هەموو پریشکە خوێنێکی مەیان
بەلاچاوانەوەیە
هەر هەموویان
هەموو پریشکە چاوێکی مەیان بەدەستانەوە
ووشک هەڵاتووە
هەر هەموویان
تێکڕا دڵۆپە خۆێنی مەیان بە پێڵاوانەوە
ڕەق هەڵاتوە
هەر هەموویان
ناویشیان لەخۆ ناوە پیاو هەر هەموویان.
2007/6/18